# چاکسازی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێویستە بۆ بووژاندنەوەی نەتەوەی کوردستان

کاری بنەچەیی هەر دەسەڵاتێک دابینکردنی ئاسایشی هاووڵاتیان و دڵنیابوونە لەوەی کە خزمەتگوزاریەکانی وەک ئاوی پاک، کارەبا و هۆکانی سوتەمەنیان بۆ دابینکراوە. حکومەتی کوردستان لەم کارە بنەچەیانەدا سەرکەوتوو نەبووە و بودجەی تەرخانکراوی بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی و حزبی بەکارهێناوە، نەک خەڵکی کوردستان.

هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەند ڕووداوێکی ترسناک دەبێتەوە کە داهاتووی خەڵکەکەی خستووەتە مەترسیەوە و داهاتووی حکومەتی کوردستانیشی تاریک کردووە، لەمانەش:

1. لەشکری تورکیا گوندەکانی کوردستان بەردەوام تۆپباران دەکا، و حکومەتی کوردستانیش هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ بەربەستکردنی؛ بەڵکو هەوڵی ئەم سووکایەتیکردنەی تورکیاش بە خەڵکی کوردستان پەردەپۆش بکا.
2. جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستووری عێراق، کە پەیوەستە بە داهاتووی ناوچە بەعەرەبکراوەکانەوە، بۆ شەش مانگ درێژکرایەوە. جێی گومانە کە سەرکردایەتی کورد لەو ئاستەدا بێ کە بتوانێ ئەم مادەیە جێبەجێ بکا سەرباری درێژکردنەوەشی.
3. ژێرخانی ئابووری کوردستان داڕماوە و هەڵئاوسانی ئابووری بێسنوورە. هۆکارەکانیش زۆرتر ئەوەن کە بودجەی کوردستان لەلایەن چەند خێزان و کەسانێکی حزبی و نیمچە حزبییەوە کۆنترۆڵکراوە، کە بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆیان بەکاری دەهێنن. قازانجێکی لەبنەهاتوو دەچێتە گیرفانی چەند بازرگانێکەوە کە کوردستانیان پڕکردووە لە کاڵای تورکیا و ئێران. بەمەش بەرهەمهێنانی ساکارترین کاڵای کوردستان لەکار کەوتووە. گەندەڵی ئیداری و نەبوونی شەفافیەت کەلێنێکی گەورەی خستووەتە نێوان خەڵک و سەرکردایەتی سیاسیەوە.
4. کۆڕەوی لاوان بۆ ئەوروپا بەردەوامە و حکومەتی کوردستان دەستەپاچەیە لە ئاستیدا. لە 2007 ژمارەی ئەو لاوانەی کە سنووورداش کراونەتەوە لەلایەن تورکیاوە بۆ کوردستان 12 هەزار لاو بوون. ئەمە تەنیا ئەوانەن کە نەگەیشتوونەتە ئەوروپا. دیارە ژمارەی لاوانی هەڵهاتوو زۆر لەم ژمارەیە زیاترە.
5. کتومت بە پێچەوانەی پەیمانی دووقۆڵی دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەوە، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان نەیتوانی کاندیدێک بۆ پایەی سەروەزیرانی کوردستان بدۆزێتەوە. ئەمە لەخۆیدا سووکایەتیەکی بێهاوتایە بە ئەندامانی یەکێتی و خەڵکی کوردستان. بەم کارە یەکێتی و پارتی پیشانیان دا کە هیچ کەسێک بە شایستەی پۆستی سەروەزیرانی کوردستان نازانن. دیارە هۆکاری ڕاستەقینەی پڕنەکردنەوەی پۆستەکە کێشەی دەستەدەستێنەی ناو خودی حزبەکان بوو.
6. میدیای کاریگەری کوردستان لەلایەن پارتی و یەکیەتیەوە کۆنترۆڵکراوە و کاری سەرەکیشی ڕازاندنەوەی وێنەی سەرکردەکانیانە. تا ئەمڕۆش کارمەندانی ڕۆژنامەوانی بە قانوونی بەعس حوکم دەدرێن. ڕژێمی بەعس بۆ بەرژەوەندی حزبی لای حزبەکان هێشتا زیندووە. ژمارەیەکی کەمی میدیای سەربەخۆی وەک **هاوڵاتی، ئاوێنە، سبەی،** و **لڤین** لەژێر مەترسی سەرکوتکردندان بە قانوونی ڕۆژنامەنووسی کە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرکراوە.
7. میدیای جیهانی دەستیکردووە بە هاڵماڵینی گەندەڵی و پێشێلکردنی پایەی سیاسی لەلایەن هەردوو سەرکۆماری عیراق و سەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کورد دۆستەکانی لەدەست بدا.

لە دارزاندنێکی وەهای باری سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا، **هاوپەیمانی کوردستانی دیموکرات** بە ئەرکی مێژووی خۆی دەزانێ کە کارا و دڵسۆز بێ لە دیتنەوەی ڕێیچارەیەک. **هاوپەیمانی کوردستانی دیموکرات** جێبەجێکردنی ئەم ئامانجانەی خوارەوە بە کاریگەر دەزانێ بۆ چالاککردنەوەی ڕۆڵی خەڵک و بردنەوەی بڕوای دۆستانی کورد:

1. دڵنیابوون لە پاراستنی مافی خەڵکی کوردستان لە بەشداریکردنی بڕیاری سیاسیدا، ڕزگاربوون لە قۆرغکردنی سیاسی لەلایەن چەند بنەماڵە و کەسانێکەوە.
2. جوداکردنەوەی پەرلەمان، حکومەت و هێزەکانی ئاسایش پارێزی کوردستان لە دەسەڵاتی حزب، خێڵ و خێزان بۆئەوەی کە بە شیاوی خزمەتی نەتەوەی کوردستان بکەن.
3. ڕزگارکردنی خەڵکی ناوچەی بادینانی لە کۆنترۆڵی خێڵ و بنەماڵە تا کارا بن لە پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. گەڕاندنەوەی چەندین کەسی بەتوانا بۆ ناو کۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بە بەهانەی "ڕیفۆڕمخوازیەوە" دوورخراونەتەوە و جێکانیان بە کەسانی بوردەڵە پڕکراوەتەوە.
4. بەرزڕاگرتنی کاری میدیای سەربەخۆ وەک **هاوڵاتی، ئاوێنە، سبەی، لڤین** و **کوردیش میدیا** و کاری ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە بەجەرگانە گەندەڵی سەرحزبەکان دەخەنە ڕوو. پوچکردنەوەی قانوونی ڕۆژنامەنووسی پەرلەمان و تواندنەوەی میدیای حزبی بۆ ڕێکردنەوە بە ڕۆژنامەگەری ئازادی دوور لە کۆنترۆڵی حزب، بنەماڵە و خێزان.
5. کۆتایهێنان بە کۆنترۆڵی بودجەی کوردستان لەلایەن حزب، خێڵ و خێزانیەوە و کاراکردنی لە بوژاندنەوەی ژێرخانی وڵات و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی.
6. پڕکردنەوەی هەموو پلەکانی کۆمەڵ لەسەر بناغەی "کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو" و "یەکسانی دەرفەتەکان"، کە ئامانج دڵنیابوون بێ لە دامەزراندنی کۆمەڵێکی سیڤڵی دیموکرات، کە تێدا مافی هەموو گرووپە ئاینی و ئەتنیکیەکان، لە گشت بوارەکاندا، پارێزراوبێ بە قانوون.

سەرکردایەتی سیاسی ئەمڕۆ بڕوای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە نەتەوەی کوردستان نەهێشت. دیارە لە ئاکامدا نەتەوەی کوردستان دۆستەکانیان لە دەست دەدەن. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، کە هێزە سیڤیل و دیموکراتەکانی کوردستان و دۆستەکانیان، خۆیان ڕێکبخەن و تواناکانیان یەکبخەن بۆ کاراکردنەوەی نەتەوەی کوردستان و پتەوکردنی بڕوای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە کورد، وەک هێزێکی کارا بۆ سەقامگیرکردن و پەرپێدانی دیموکراتی، کۆمەڵگەی سیڤڵ و سەروەری قانوون لە ناوچەکەدا، کە ئەمەش ببێتە ڕێخۆشکارێک بۆ ئارامی و سەقامگیری جیهان.

**هاوپەیمانی کوردستانی دیموکرات، جەنیوەری** 2008 kda2004@gmail.com